بەفرین قادر:
یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر

# هیوادارم لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە ئەنجامێکی شایستە بەدەستبهێنم

بەفرین یەکێکە لـــە یاریزانە هەرە بەتواناکانی یانەی هەولێر، ئەو بە تەمەن بچووکە، بەڵام کۆمەڵێك هیوای لە ناخیدا حەشـــار داوە و بەهیوای گەیشـــتنە بە هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی و دەخوازێ لەسەر ئاســـتی عێراق و کوردســـتان ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنێت. بەفرین قادر ساڵی ١٩٩٩ لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لە دایکبووە، بەڵام لە شـــاری هەولێر دەستی بە وەرزش کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرســـیارێکمان ئاراســـتەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

***بۆچی دنیای وەرزشـــت هەڵبژارد و لـــەو نێوانەش یاریی گۆڕەپان و مەیدانت کردە ئامانج؟**

- مـــن لە ســـەرەتاوە زۆر حەزم لە یاریـــی تۆپی پێ بوو، زۆربەی کاتیش ئەم یارییەم ئەنجام دەدا، بەڵام دواتر لە ڕێگەی قوتابخانـــەوە هاتمە نێو جیهانی بوکـــی یارییەکان کە ئەویش گۆڕەپان و مەیدانە، دەمـــەوێ لە ڕێگەی ئەو یارییەوە بتوانم ناوبانگ بەدەست بهێنم و ژمارەی پێوانەیی تۆمار بکەم.

*** بۆچـــی یارییەکەی خۆت لە تۆپـــی پێوە بۆ گۆڕەپان و مەیدان گۆڕی؟**

- من زۆر خولیام بۆ تۆپی پێ هەبوو، بەڵام بەهۆی گرنگی نەدان بە یارییەکانی تۆپی پێی کچان رووم لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان کرد بۆ ئەوەی بتوانم ئامانجەکانم لەوێ بەدی بهێنم.

***چۆن بوو پەیوەندیت بە یانەی هەولێرەوە کرد؟**

- من نیشـــتەجێی شـــاری هەولێرم و حەزم دەکرد پەیوەندی بە یانەیەکی باش بکەم، بۆیە لە ڕێگەی مامۆســـتا ڕێبواری ڕاهێنەری یانەکەمەوە پەیوەندیم بە یانەی هەولێر کرد، زۆریش خۆشحاڵم لەو یانەیە یاری دەکەم.

*** لە ئێســـتادا ئاســـتی یاریـــی گۆڕەپـــان ومەیدان چۆن دەبینی؟**

-ئاســـتی یاریی گۆڕەپان و مەیدان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرەو پێش دەچێت و یانەکانیش لە شـــارەکانی کوردســـتان گرنگیی باش بەم یارییە دەدەن، لە شـــاری هەولێریـــش یانەی هەولێر بەردەوام لە خزمەتی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیداندا بووە.

*** ئایـــا درەنگ کردنەوەی پاڵەوانێتی و دواخســـتنی نابێتە هۆکاری دابەزینی ئاستی تواناکانتان؟**

- ئەگـــەر پاڵەوانێتی بە کەمی بکرێتـــەوە و یاریزانانیش بەردەوام وەرزش بکەن، بێگومان دەبێتە هۆکار بۆ دابەزین، بەڵام من بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بە کردنەوەی پاڵەوانێتییەکان بدرێت لەسەر ئاستی کوردستان.

*** ماڵەوەتـــان تـــا چەند لە وەرزشـــکردنی بەردەوامت هاوکاریت دەکەن؟**

- لێرەوە ئەمەوێ سوپاســـی خانەوادەکەم بکـــەم، بەتایبەتی دایك و باوکم کە ئەوان زۆر هاوکاری منن لە وەرزشـــکردن و ئەوان هانم دەدەن بۆ بەدەســـتهێنانی ئەنجامی شایستە.



*** بۆ بەرەوپێشــبردنی ئەم یارییە لە کوردســتان، پێت باشە چی بکرێت؟**

- ئەگەر بمانەوێ ئاســتی یارییەکانــی گۆڕەپان و مەیدان بەرەو پێش بچێت، دەبێت سەرەتا بیر لە دابین کردنی یاریگەی تایبەت بەم یارییە بکەینەوە، بۆیە پێویستە لەسەر یانەکان زیاتر هانــی یاریزانان بدەن و ئەوانیش پێداویســتی و یاریگەیان بۆ دابین بکەن بۆ ئەوەی ئەنجامی باشتریش بەدەست بهێنن.

***کێشەو گرفتتان لەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

-وەکو یانەی هەولێر کێشەیەکی ئەوتۆمان نییە، بەڵام زۆر جار کێشــەی یاریگە و نەبوونی مووچە ئەوانە گرفتن لە بــەردەم یاریزانان، بۆیە لە ســەر یانــەکان و یەکێتییە وەرزشییەکان پێویستە زیاتر گرنگی بە لایەنی دارایی یاریزانــان بــدەن بۆ بەردەوامبوون و کەلوپەلی پێویستیان بۆ دابین بکەن.



***وەکو کچە یاریزانێك بەهیوای هەڵبژاردەی کوردســتان لەم یارییەدا دابمەزرێ؟**

- ئەوە هیوا و ئاواتی هەموو یاریزانێکی کوردستانە یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردســتان بکات، منیش بە شانازییەوە بەهیوای ئەوەم یەکێك بم لە یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان.

*** ئایا وەرزش نەبۆتە گرفت بۆ خوێندنت؟**

- نەخێــر، رێگەم نــەداوە ببێتە گرفــت، چونکە من وەکو یاریزانێك بەپێی بەرنامەکانی خۆم هەردووکیان ئەنجام دەدەم.

*** هیوا و ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێکی کورد چییە؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە ئەنجامێکی شایستە بەدەستبهێنم و بگەمە لوتکەی ئەم یارییە و سەری خۆم و خانەوادەکەشم بەرز بکەمەوە .

***یانەی هەولێر وەکو پێویست هاوکاریتان دەکەن؟**

-بە سوپاسەوە ئەوان هاوکارمانن و مامۆستا رێبواریش زۆر هاوکاری تیپەکەیــە و بەردەوام لەگەڵ یاریزانانە بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستیان.

*** چی بەو کچانە دەڵێی کە لە جیهانی وەرزش بێبەشن؟**

- بەهیوای ئەوەم ئەوانیش بێنە نێو وەرزش و خزمەتی وەرزش بکەن، گەر بە چاوی خۆیان سوودەکانی وەرزشکردن ببینن، ئەو کات دەزانن ئەوە نییە کە ئەوان بە هەڵە تێی گەیشتوون.

***ئەگەر شتێکت مابێت؟**

- سوپاســی بۆ گۆڤــاری گوڵان و هیوای ســەرکەوتنتان بۆدەخــوازم، هیوادارم لە خزمەتکردنی وەرزشــی شــارەکانی کوردستان بەردەوامبن.

# ١٠ یاریزان پاڵێوراون بۆ خەڵاتی جەماوەر لەخولی ئینگلتەرا

پێش کۆتایی یارییەکانی خولی ئینگلتەرا ناوی ١٠ یاریزان ئاشکرا کرا کەپاڵێوراون بۆ خەڵاتی باشترین یاریزانی خولی ئینگلتەرا لەرێگای راپرسی جەماوەری خولەکە، لیستەکە ناوی ٣ یاریزانی یانەی چێلسی پاڵەوانی پریمەرلیگی تێدایە کەبریتین لە ئەدین هازاراد باشترین یاریزانی خولی ئینگلتەرا و جۆن تێری کاپتنی یانە و دییگۆ کۆستا گۆڵکەری یانە بە ١٩ گۆڵ، هەروەها ٣ یاریزانی یانەی ئەرسنال کەبریتین لە مەسعود ئۆزیل و سانتیاگۆ کازۆرلا و ئەلێکسیس سانشیز گۆڵکاری یانە بەتۆمارکردنی ١٦ گۆڵ، لە لیستەکە ناوی یاریزانی لیڤەرپول فیلیپ کۆتینهۆ دەبینرێت لەگەڵ گۆڵپارێزی یانەی مانچستەر یونایتد دێڤید دی خیا و یاریزانی یانەی تۆتنهام هاری کین کەباشترین یاریزانی لاو لە وەرزی ئەمساڵ دەست نیشانکرا، دوا یاریزانیش یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی سێرجیۆ ئەگوێرۆیە کەگۆڵکاری پریمەرلیگە بەتۆمارکردنی ٢٥ گۆڵ . وابڕیارە لە رۆژی ٢٠١٥/٥/٢٦ لەدوای ئەنجامدانی راپرسی و دەنگدانی هاندەرانی خولی ئینگلتەرا یەکێك لەهاندەران خەڵاتەکە پێشکەش بەیاریزانی براوە بکات.



ئەگوێرۆ:

## وەرزی داهاتوو دەگەڕێینەوە ململانێی یانەی چێلسی

یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و ئەستێرەی یانەی مانچستەر سیتی سێرجیۆ ئەگوێرۆ بەڵێنیدا وەرزی داهاتوو یانەی مانچستەر سیتی ململانێی یانەی چێلسی بکات لەسەر نازناوی خولی نایابی ئینگلتەرا، ئەگوێرۆ لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەیلی میل گوتی : لەچەند یارییەکی ئەم وەرزە خاڵی زۆرمان لەدەستدا ئەوەش وایکرد کە نازناوەکە لەدەست بدەین بۆ بەرەژەوندی یانەی چێلسی، بەڵام ئێستا ئاستی تیپەکەمان بەرزە و دەتوانین لەهەر یانەیەك ببەینەوە، هیوادارین پارێزگاری لەپلەی دووەم بکەین و بەباشی خۆمان ئامادە بکەین بۆ وەرزی داهاتوو .

هەروەها ئەگوێرۆ گوتی: لە راستیدا من بیر لە تۆڵەسەندنەوە لەیانەی چێلسی دەکەمەوە بۆ ئەوەی نازناوی پاڵەوانی خولی ئینگلتەرا وەربگرینەوە، لە ناوەراستی ئەم وەرزە ئاستمان وەك پێویست نەبوو بۆیە نازناوەکەمان لەدەستدا .

دەربارەی رۆیشتنی چەند یاریزانێك ئەگوێرۆ گوتی: بەڕێوەبەری هونەری بڕیار دەدات دەستبەرداری کام یاریزان دەبێت یان کام یاریزان دەکڕێت .

شایانی باسە یاریزان ئەگوێرۆ تا ئێستا گۆڵکاری پریمەر لیگە بەتۆمارکردنی ٢٥ گۆڵ لەو کاتەی یانەی مانچستەر سیتی بەدەست بەتاڵی لەم وەرزە ماڵئاوایی دەکات .

# یانەی یۆڤانتس نرخی پۆل پۆگبا دیاری دەکات

راپۆرتە هەواڵەکان لەوڵاتی ئیتالیا رایانگەیاند لێپرسراوانی یانەی یۆڤانتس پێیان وایە زۆر زەحمەتە لەهاوینی داهاتوو بتوانن پارێزگاری لەیاریزانی فەرەنسی پۆل پۆگبا بکەن بۆیە بیر لەوە دەکەنەوە زۆرترین قازانجی دارایی لەفرۆشتنی ئەو یاریزانە وەربگرن، رۆژنامەی ئاسی ئیسپانی رایگەیاند یانەی یۆڤانتس نرخی یاریزان پۆگبای بە ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ دەست نیشان کردووە هەر یانەیەك ئەو برە پارەیە بداتە یانەی یۆڤانتس ئەوە دەتوانێت بۆند لەگەڵ پۆگبا مۆربکات، رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەشداوە کە هەرسێ یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی و مانچستەر سیتی ئینگلیزی و بەرشەلۆنەی ئیسپانی لەدوای کڕینەوەی پۆگبان.

رۆژنامە ئیسپانییەکە رایگەیاند یانەی پاریس سان جێرمان هیچ کێشەیەکی نییە لە پێدانی ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ ئەوەی کوڕە فەرەنسییەکە بگەڕێنەوە شاری پاریس بەڵام یانەی مانچستەر سیتی بۆ کڕینی پۆگبا دەبێ دەستبەرداری چەند یاریزانێکی بێت.

سەبارەت یانەی بەرشەلۆنەش رۆژنامەکە رایگەیاند بەڕێوەبەری وەرزشی برپاریدا لەگەڵ بریکاری پۆگبا کۆبۆتەوە بەڵام بەهۆی سزای فیفاوە بەرشلۆنە ناتوانێت لە مێرکاتۆی هاوینە هیچ یاریزانێك بکڕێت ئەگەر بۆند لەگەڵ پۆگبا مۆر بکات ئەوە دەبێ پۆگبا بەشێوەی خواستن تا سەری ساڵی ٢٠١٦ لەیانەی یۆڤانتس بمێنێتەوە.



## بەرشلۆنە وەڵامی مان یونایتد و چێلسی و لیڤەرپول و ئەرسنال دەداتەوە

دەستەی کارگێڕی یانەی بەرشـلۆنەی ئیسپانی دووپاتیکردەوە کە هێرشـبەری یانە پیدرۆ رۆدریگز یاریزانێکی گرنگ و سـەرەکیە لەیانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا و بەهیچ شـێوەیەك بۆ فرۆشـتن نییە، ئەم لێدوانە وەڵامدانەویەکی بەهێز بوو بۆ یانەکانی مانچستەر یونایتد و چێلسی و لیڤەرپول و ئەرسنال کە بەهیوای ئەوە بوون بۆندێك لەگەڵ پیدرۆ لەهاوینی داهاتوو مۆر بکەن.

رۆژنامەی دەیلی مێلی بەریتانی رایگەیاند لێدوانەکانی ئەم دواییەی لێپرسـراوانی یانەی بەرشـلۆنە هەریەك لەیانەکانی مانچستەر یونایتد و چێلسی و لیڤەرپول و ئەرسنالی بێ هیواکرد کە هەر چوار یانە خۆیان ئامادە دەکرد بۆندی فەرمی پێشـکەش بە یانەی بەرشلۆنە بکەن بۆ کڕینەوەی یاریزان پیدرۆ .

راهێنەری یانەی بەرشـلۆنە لویس ئەنریکـی دەربارەی یاریزان پیدرۆ لە لێدوانێکدا گوتی: پیدرۆ یاریزانێکی سەرەکی و گرنگی پێکهاتەی یانەی بەرشلۆنەیە و هەموو ئەرکەکانـی ئەم وەرزەی بەتەواوی جێبەجێکـردووە و هاوڕێکانی وەك نمونەیەکی باش سەیری دەکەن.

هەروەها سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە بارتۆمیۆ دەربارەی ئەم یاریزانە گوتی: زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر یاریزان پیدرۆ رۆدریگز لە ریزی یانەکەمان بەردەوام بێت.



# یانەی گارە
# ئامادەکاریەکانی دەست پێکرد

دوای ئـەوەی یانـەی گارە ئەمسـاڵ بە شایسـتەیی توانی سـەرکەوێت بۆ خولی نایابـی یانەکانـی کوردسـتان و بۆیە کارگێڕانـی یانەکە لە ئێسـتاوە پلانی تایبەتی داناوە بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ ساڵی داهاتوو بە بەهێزەوە بێتە نێو کێبڕکییەکانی خولی نایابـی یانەکانی کوردسـتان کە ساڵانە یانەکان چەندین ملیۆن دینار دابین دەکەن بۆ هێنانی ڕاهێنەران و یاریزانان، یانەی گارەش ئەمساڵ یەکەم کاری دوای سەرکەوتنی بۆ خولی نایاب هێنانی ڕاهێنەرێکی بە ئەزموونی عێراقییـە بۆ ریـزی یانەکەی بۆ سەرپەرشـتی کردنی یانەی گارە لە خولەکە دەستەی کارگێڕی یانەکەش بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ ڕاهێنەری پێشووی یانەی رومادی و یانەی فەلوجە ئەحمەد جدەیع مۆرکرد بۆ ماوەی یەك وەرزە بۆ ئەوەی سەرپەرشـتی مەشقی یانەکە بکات لە وەرزی نوێ خولەکە، لە بارەگای یانەی گارەش بە ئامادەبوونی سـەرۆك و ئەندامانی کارگێڕی یانەکە بەفەرمی گرێبەسـتێکی یەك ساڵی لەگەڵ ئەحمەد جدەیع مۆرکرا، لە بارەی مۆرکردنی ئەو گرێبەسـتەش ئەحمەد جدەیعی ڕاهێنەری نوێ یانەکە خۆشحاڵی خۆی پێشاندا بەسەرپەرشتی کردنی مەشقی یانەی گارە و کە ئەمسـاڵ بۆ یەك وەزرە گوتیشـی: گرێبەسـتی هەردوولامان بۆ ماوەی یەك سـاڵ بەڵام ئامادەنەبوو بڕی گرێبەسـت و مووچەکەی ئاشکرا بکات، تەنیا گوتی دەمەوێ لە ماوەی داهاتوو ئەو یاریزانانـەی لە ریزی یانەکەن زیاتر گرنگی بەتوانای ئەوان بدەیـن و بەرنامەیەکی تۆکمە دابنێین بۆ داهاتووی یانەکە بۆ ساڵی داهاتووش یانەی گارە ژمارەیەکی گەورە بێت لە خولی نایابی کوردستان سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەکەش دەکەم کە ئەوان متمانەی تەواویان بەمن بەخشییە وەکو ڕاهێنەریش ئەوەی لەتوانای من بێت کەمتەرخەمی ناکەم شـان بە شانی یاریزانان هەوڵدەدەین ناوی یانەی گارە بەرز بکەینەوە بەرەوو دەستکەوتی ببەین، کارگێڕانی یانەکـەش هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە بتوانین ئەنجامی دڵخۆشکەر بۆ یانەی گارە بەدەست بهێنین لە خولی نایابی یانەکانی کوردسـتان کە بتوانین ژمارەیەکی گەورەبین لە خولەکە.



## زاخۆ بێ ڕاهێنەرە

دوا ئەوەی یانەی زاخۆ ئەم وەرزە نەیتوانی هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنێت و هاندەرانی یانەکەش لەم ئەنجامەی یانەکە نیگەرانن کە نەیانتوانیوە شان بە شانی یانەکانی تری عێراقی سەرکەون بۆ خولی بژاردەی عێراقی جگە لەوەش ئەمساڵ یانەی زاخۆ چەندین گرێبەستی لەگەڵ یاریزانانی پیشەگەر و بەڕەگەز عەرەبی شارەکانی تری عێراقی کردوە لە ئێستاشدا عەلی هادی ڕاهێنەری یانەکە بەفەرمی دەستی لە مەشقی یانەکە بەرداوە بەهۆی بوونی ئاریشەی خێزانی بۆیە یانەی زاخۆ بە نیازی هێنانی ڕاهێنەرێکی بەتوانایە بۆ سەرپەرشتی کردنی مەشقی یانەکە و گەیاندنی یانەی زاخۆ بە ناز ناوەکان، لەبارەی هێنانی ڕاهێنەری تازەش خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی زاخۆ بە گۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند گوتی «ئێمە لە ئێستادا بیر لەوە دەکەینەوە کە ڕاهێنەرەێکی بەتوانا پەڵکێشی ریزی یانەی زاخۆ بکەین بۆ ئەوەی سەرپەرشتی یاریزانانی یانەکەمان بکات، عەلی هادی ڕاهێنەری پێشووی یانەکەمان بە هۆی گرفتی خێزانیەوە نەیتوانی درێژە بە کارەکەی بدات لەگەڵ زاخۆییەکان، بۆیە ئێمەش بە دوای شوێنگەرەوی ئەو ڕاهێنەرە دەگەڕێین و لە ئێستاشدا زیاتر لە شەش ڕاهێنەر لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوەی عێراقیش لە بەرنامەدایە بۆ ئەوەی گفت وگۆی لەگەڵ دەستپێبکەین و بەفەرمی بیکەینە ڕاهێنەری یانەی زاخۆ، جارێك بیر دەکەینەوە ئەوکاتە بڕیارە لەسەر چارەنووسی ڕاهێنەرێکی باش دەدەین، لە درێژەی قسەکانیشی ناوبراو گوتی «تەنیا چەند یاریزانێکمان دوورخستۆتەوە ئەگەر نا سەرجەم یاریزانەکانی ترمان بەردەوامن».




## ڕاهێنەری دهۆک:

# دەگەینە چوارگۆشەی زێڕین

دوای ئەوەی یانەی دهۆك لەم وەرزە بەسەرجەم تیپی یاریزانەکوردەکانی شارەکەی و بە کۆمەڵێك قەیرانی سەختی ئابوری ونەبوونی یاریزانانی پیشەگەری بەتوانا یانەی دهۆك خۆی گەیاندە خولی بژاردەی یانەکانی عێراقی کە تاکە یانەی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی کوردستان دەکەن لە خولی بژاردەی عێراقی یارییەکانی دوێنێ یەك شەممە دەستی پێکرد بە بەشداری هەشت یانەی شارەکانی عێراقی، یانەی دهۆکیش ئامادەکارییەکانیان بەردەوامکردوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە لە چوار گۆشەی زێڕین بەدەست بهێنن، یاریزانانی یانەکەش ئاماژە بەوەدەدەن کە تیپەکەیان لە هیچ شتێك ناترسن و چاویان لەوەیە بگەنە چوار گۆشەی زێڕینی خولی بژاردە و ڕاهێنەری یانەکە متمانەی تەواوی بە یاریزانانی یانەکەیی هەیە کە لە ئاست بەرپرسیاریەتی گەورە بن لە خولەکە، لەم بارەشەوە حازم ساڵح ڕاهێنەی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی « ئێمە وەکو یانەی دهۆك کە سەرکەوتینە بۆ خولی بژاردە بێگومان چاومان لەوەیە بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین بەسەرجەم یاریزانانی کوردی شاری دهۆك بتوانین ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنین و یانەی دهۆکیش بگەیەنینە چوار گۆشەی زێڕینی خولەکە هەرچەندە ئێمە ئەرکمان زەحمەتە، چانسی ئێمەش زیاترە چونکە ڕەنگە ئەم یارییە لە یاریگای خۆمان بەڕێوە دەچێت ئێمەش چاومان لەوەیە بتوانین ئەنجامی باش تۆماربکەین هەرچەندە ئەرکمان زەحمەت دەبێت، حازم گوتیشی « یاریزانانی یانەکانی بەشدار لە خولی بژاردە ئەزموونیان زیاترە لە ئێمە چونکە یانەکان خاوەنی کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانان لە چاو یاریزانانی ئێمە هەرچەندە یاریزانانی ئێمەش نایانەوێ بەدەستی بەتاڵ بگەڕێنەوە بەڵام توانای دارایی یانەکانیش لە ئێمە باشترە، ئێمە لەرێگای ئەو گۆڤارە داوا لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەکەین کەوا هاوکارییەکی باشی ئێمە بکەن چونکە ئێمە بەسەرجەم یاریزانانی کورد توانیومانە سەرکەوین بۆ خولی بژاردە بۆیە بۆ ئەم قۆناغە پێویستمان بە سەرکەوتنە و پاڵپشتیمان دەوێ.

